www.kurdistannet.org
6-2-2006 13:54بەكاتى ناوەندى ئەوروپا

## ئەمشەو ئازار چاوەكانى لەخەو كردم ... خاڵەحەمە

ئەمشەو ئازار
چاوەكانى لەخەو كردم
تۆش وەک پەرى ئەفسانەيى
لەژوورسەرم ڕاوەستابووى
لێم نەپرسيت بۆچى هاتوويت!!
مشتێكت پڕ لەئاگرو
ئەويتريان لێوانلێو بوو
لەتوڕەيى
لەڕوخسارتا
جەفاكێشى بەدى ئەكرا
لەگفتاريشتا بێ منى
پەشيمانى..
بڵێيت وابێ
ياساكانى ئەم گەردوونە تێكچێتەوەو
لەپەرستگاى عەشقى منا
نوێژێ بكەى
ڕوو لە (مەزدا) و (شيد) ى پيرۆز
دوا رۆژانى ئەم ئازارە بلاوێنى..
ئاى لەئازارى ئەم شەوە
هەواڵەكان
چاويان شۆڕەو
بەر نەفرەتى عەشق كەوتوون..
ڕوداوەكان
دەميان كرەو
قورگيان بۆگەن لەگۆ كەوتوون..
سوكيان بۆ ئاسمان هەڵدەفڕێ و
قورسيان دەركراو لەبەهەشت
ئەژى ئەمرێ..
ئاى لەم دڵدارە بێ خەمە
شێتۆكەيەى كەمن هەمە
جارێک نەيووت
ئەوە دڵم
عەشقى خۆتى تيابنووسە
ئەوە چاوم
ئازارشكێنى دووريتە

ئەوەسینەم
خونچە گوڵی شیعرەکانتی
لەسەردانێ
تا هەموو شار لێی بڕوانێ. .
من هەرخۆم بووم
هانام بۆ دڵی ئەو ئەبرد
چاوەکانیم بە کل ئەڕشت
بە گەڵاو گوڵ
سینەومەمیم دائەپۆشی. .
ئای لە ئازاری ئەم شەوە
چەند گەورەیە
لەگەڵ (شوانە) و
شەهیدانی ڕۆژهەڵاتا
لەڕێپێوانی نوێدایە. .
لەخەمی گەورەی باشوورا
دژی (جەهل) و (دەستور) ەکەی
لەڕێدایە. .
لەباکوری پڕلەنووری
(شەرەفخان) ا
شان بەشانی زامی (شەم) و
زامی (مەم) و
عاشقانا لە جۆشدایە. .
لە ڕۆژئاوا
لە ماڵەکەی (جگەرخوێن) و
(مەعشوقی) دا
لەسەرهەڵدانی نوێدایە. .
کچێ وەرە
بالەتەک مندا بسوتێیت
تا سبەینێ
عاشقانی گشت کوردستان
تاکە مۆمێک داگیرسێنن
لەسەر گۆڕمان. .

خاڵەحەمە /دانمارک/ڤالبی